## سێزدەیەم: قوتابخانەی وێلز (قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی

ئەم قوتابخانەیە(Welsh School or Aberystwyth School) یەکێك لە قوتابخانە گرنگەکانی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئاسایشییە ڕەخنەییەکانە.(Booth, 1991: 312). بنەڕەتیترین مشتومڕە ئاسایشییەکان لەم قوتابخانەیەدا لەسەر بنەماکانی بووننناسی و مەعریفەناسییە. بە وتەی "کریستیان سیلڤێستۆر"(Christine Sylvestor) هەوڵەکانی ئەم قوتابخانەیە بەپێچەوانەی بنەماکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە کە خەڵك هیچ ڕۆڵ و پێگەیەکی تێدا نییە. ئەم قۆتابخانەیە بەپێی بنەما بووننناسی و مەعریفەناسییەکەی بۆ قووڵبوونەوە لە بواری خۆیدا بۆچوونی وایە کەوا ئاسایشی نەتەوەیی وەکو بەرژەوەندی نەتەوەیی یاخود ماف و ئەرکی تاکەکان نییە، بەڵکووەکو بوارێکی گوتاری بۆ مشتومڕ و گفتوگۆ و دیالۆگە. لەم ڕوانگەیەوە ئاسایش بوارێکە بۆ گۆڕانکاری لە بەهاکان، ڕەوایەتی مەعریفە و بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی بەکۆمەڵا. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ڕیشەکانی ترس و تێگەیشتن لە هەڕەشە و بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی و...هتد، خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەوە ڕۆڵی ئەکتەر/بکەرەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆیە ئەم قوتابخانەیە پێیوایە کەوا پێویستە دەوڵەت لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.(ابراهیمی، 2014: 11).

لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیە فاکتەرەکانی دەستنیشانەکەری ئاسایش لە هەردوو ڕەهەندی تیۆری وپراکتیك، بۆفاکتەرە ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی ونەتەوەییەکان دەگەڕێتەوە. ئەم قوتابخانەیە لە ڕەهەند و زانست و بوارەکانی کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی، دەروونناسی و لێکۆڵینەوە کەلتوورییەکان بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئاسایشی کەڵك وەردەگرێت. هەرچەندە بیروڕاکانی "یۆرگن هابێرماس" (Jürgen Habermas) و "گرامشی" (Antonio F. Gramsci) کاریگەریان لەسەرئەم قوتابخانەیەدا هەیە. لە بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە دەتوانین ئاماژە بە دوو بیرمەندی سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە "کێن بوس"(Ken Booth) و " ڕیچارد جۆنز"(Richard W. Jones) بکەین. لێرەدا چەمکی "ڕزگاری" لەلایەن بیرمەندی سەرەکی ئەم قوتابخانەیە "کێن بووس" دەخرێتەڕووو پێشنیازدەکات کە ئاسایش دەبێت لە ڕێگەی بەشداری ئازادانەی تاك وگروپەکان ولە دەرەوەی سنووره مرۆیی و مادییەکان بێت و بەپێی هەڵبژاردنی ئازادانەی مرۆڤەکان بێت. (ابراهیمی، 2014: 13). بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە دەڵێن پێویستە جیهان لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە نەبینین، بەتایبەتی لە بواری ئاسایشی نەتەوەییدا. چونکە دەوڵەت زۆربەی کات خۆی بەشێك لە کێشەکان بووە نەك چارەسەر. بۆیە بە بڕوای ئەم قوتابخانەیە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان لە پرسەکانی ئاسایشی لەبارەی مرۆڤە نەك دەوڵەت.(Bellamy, 2003: pp. 321-340).

بەگشتی قوتابخانەی وێلز بابەت و پرسەکان بەئاسایشی ناکات، بەڵکوو پرسی ئاسایش بەسیاسی دەکات.(Bilgin, 1999; pp. 31-32). قوتابخانەی وێلز ئەمە بەمەبەستی ئاشکراکردنی سروشتی سیاسی و دروستکردنی ئایدیای ئاسایش بە ئاماژەدان بە ئەزموونی ژنان و پیاوان لە هەڕەشە و مەترسییەکان ئەنجام دەدات تاوەکو بتوانێت هەڕەشە لەشکرییەکان و دەوڵەت سەنتەریی کە زاڵە بەسەربەرنامەی کاری نەریتیی لێکۆڵینەوەی ئاسایشیدا، ئاشکرا بکات. ئەمەش لەگەڵ قوتابخانەی کۆپنهاگن کە خوازیاری بە نائاسایشیکردنی پرس و بابەتەکانە، دژبەیەکە. چونکە قوتابخانەی کۆپنهاگن نیگەرانی ئەوەن کە ئەو پرسانەی کە بە ئاسایشی دادەنرێن لە ڕێگەی نوخبە حکومییەکانەوە ببێتە هۆکاری دروستبوونی نائاسایشی، بەڵام بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە پێیانوایە کە ئاسایش چەمکێکە بۆ لێکۆڵینەوە و لەهەمانکاتیشدا بەکارهێنانی پراکتیکییەکەی بە ئاسایشی بکەن.(بیلکین، 2011: 172). بەگشتی ئەم قوتابخانەیە سەرچاوەی ئاسایش تاك یاخود ئەوخەڵك و ناسنامانە دەزانێت کە کێشەیان دەوڵەتەکانیانە.

. کارەکانی شارەزاکانی قوتابخانەکە لە دووتوێی دوو کتێبی گرنگدا بڵاوبوونەوە؛ *لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی رەخنەگرانە و جیهانی سیاسەت (١٩٩٧)، تیۆری جیهانی ئاسایش (٢٠٠٧)*. کین بۆتس ریتچارد وین جۆنس لە دیارترین شارەزاکانی ئەو قوتابخانەیەن. بنەما هزرییەکانی قوتابخانەکە لە تیۆری رەخنەیی ئاسایشەوە سەرچاوەی گرتووە، بە تایبەت لە بنەماکانی مەعریفەت وەکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، رزگاربوون و تێکشکاندنی سیستەمی دەوڵەتی.

قوتابخانەی ئەبەریستویز یەکێکە لە گرنگترین هەوڵەکانی پێشخستنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی رەخنەگرانە. پێشنیازی سەیرکردنی جیهانی سیاسەت دەکات لە سەرووی چاوەکانی دەوڵەتەوە. بنەمای سەرەکی سیستەمی دەوڵەتی بریتییە لە وەرگرتنی 'ئاسایشی نیشتیمانی' وەکو بەرزترین بەرپرسیاریەتیی دەوڵەتەکان. لە روانگەی ئەو قوتابخانەیەوە دەوڵەت زۆربەی جار کێشەیە زیاترلەوەی چارەسەر بێت، لەبەر ئەوە مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش دەبێت پەیوەندیی هەبێت بە مرۆڤەکانەوە، نەوەک دامەزراوەکان. بەوشێوەیە رێگای خوێندنی ئاسایش دەبێت بە سوود بێت بۆ تاکەکان لە جێگای پاراستنی ئاسایشی تاکلایەنەی دەوڵەت. بە مانای ئاسایش وەکو 'رزگاربوون' پێناسە بکرێت، وە تێستی هەرکارێکی ئاسایش دەبێت لە سەربنەمای لە خۆگرتنی ئەزموونی نائاسایشی تاکەکان بێت.

یەکەم شەپۆلی توێژینەوە و شیکردنەوە بۆ قووڵکردنەوەی تێگەیشتن لە ئاسایش لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی رەخنەگرانە لە لایەن توێژەر و مامۆستاکانی زانکۆی

ئەبەریستویزەوە هاتەکایەوە. شەپۆلی دووەم بۆ مەبەستی فراوانکردنی لایەن و رەهەندی جۆراوجۆری (نائاسایشییەکان-insecurities) دروستبوو لە پێناو نە تەنها بە ئاسایشی کردنی پرسەکان، بەڵکوو بە سیاسەتکردنیان، لە پێناو ئاشکراکردنی خەسڵەتە سیاسییەکانی بیرکردنەوە و تێڕامان لە ئاسایش و دەست بردن بۆ چۆنیەتی ئەزموونکردنی هەڕەشە لە لایەن گرووپە جیاوازەکانەوە (بیلیگین، ٢٠١٣: ١٠١-١٠٢).

قووڵکردنەوەی چەمکی ئاسایش رێگەی بۆ ئەوە خۆشکرد سەیری ئاسایش بکرێت لە دەرەوەی ئاستی دەوڵەت و هۆشگیری سەربازییانەی ئاسایشەوە و بۆ مەبەستی لە خۆگرتنی بابەتی بەرهەڕەشەی جیاواز لە هەموویان گرنتر 'تاکەکان'. هەوڵدرا سەیری ئاسایش بکرێت لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بە مەبەستی بەرجەستە کردنی نائاسایشی گرووپە جیاوازەکان. ئەوە بەتەنها بۆ بەئاسایشیکردنی پرسە جیاوازەکان نییە، بەڵکوو بۆ بە سیاسەت کردنیان. بە وشەیەکی دیکە، بەسیاسەتکردنی ئاسایش، نەوەک بە ئاسایشیکردنی سیاسەت (بۆتس، ٢٠٠٥).

## مەبەست لە 'رزگاربوون'

ئایدیای 'رزگاربوون' دەبێتە هۆی پرۆگرێس وگۆڕانکاری لە جیهانی سیاسەت، دەبێتە هۆی هێشتنەوەی هیوا و ئومێد لە پێناو هەستکردن بە ئەزموونی نائاسایشی تاکەکان. 'رزگاربوون تاکە هیوای ئەبەدییە بۆ بوون بە شتێ' (بۆتس، ١٩٩٩: ٤٦). رزگاربوون' بریتییە لە بەدەرخستنی خەسڵەتی سیاسییانەی ئاسایش، وە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی پیاو و ئافرەتەکان لەگەڵ هەڕەشە و پیادەکانی ئاسایش (ئەلکەر، ٢٠٠٥:١٩٥). وە رێبەستی گەورەی بەردەم خەبات وهەوڵی رزگارکردنی تاکەکان، جەنگ وهێزی سەربازی نین، بەڵکوو ترس و برسیەتی و هەژارین (جۆنس، ١٩٩٩). لێرەدا قوتابخانەی ئەبەریستویز لە رێگای جەختکردن لەسەرهەڕەشە نوێیە ناسەربازییەکانی سەرئاسایشی تاکەکان، مانایەکی نوێ بە ئاسایش دەبەخشێت.

یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی رزگاربوون بۆ بەنامەرکەزیکردنی تێگەیشتنی سەربازییانە و دەوڵەتیانەی ئاسایشە بە جۆرێک قوتابخانەی کۆپنهاگیش نەیتوانی بە تەواوی ئەو بیرکردنەوەی کلاسیکیانەی ئاسایش تێبپەڕێنێت. کین بۆتس و ریتچارد جۆنس نەوەک تەنها دەستیان کرد بە رەخنەگرتن لە چەمک وگریمانە کلاسیکییەکانی ئاسایش، بەڵکوو روانینێکی زۆر روون و تۆکمەیان بۆ

چەمکاندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش پێشکەشکرد بە کردنی 'رزگارکردنی مرۆڤەکان' بە ناوەڕۆکی بیرکردنەوە و تێستی تیۆرەکانیان.

زمانی ئاسایش بۆ ماوەیەکی زۆر بە شێوەیەک داڕێژراوە بریتی بێت لە زمانی 'دابەش کردن' و 'دوورخستنەوە'. تەنها ئەو کاتە دەتواندرێت مێژوو بەو شێوەیە بنووسرێتەوە تا ڕەنگدانەوە خەم و نیگەرانییەکانی تاکەکان بێت، کاتێک تواندرا وێنە و ئایدیا کۆنەکانی ئاسایش بگۆڕدرێت، ئەگەر نا داهاتوو دەبێتە دووبارەبوونەوەی رابردوو. دروشمەکانی تاکەکان دەبێت سەنتەری ئاسایش بن نەوەک دەوڵەت، دروشمێکن قوتابخانەی ئەبەریستویزی بەتەواوی لە هەموو رێبازو قوتابخانەکانی دیکە جودا کردەوە.

کارەکانی قوتابخانەکە شانۆرەی هەبوو لە تەرخان کردنی دەرفەتێک بۆ گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە جیهاندا کە خودی چەمکە کلاسیک وباوەکانی ئاسایش بەشێکن لە ڕێبەستەکانی بەردەم ئەو گۆڕانکارییانە. بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بە شێوەیەک تیۆریزە کرا تاوەکوو هەوڵی تێگەیشتنی ئەو حالەتە بدات تیایدا چۆن پیاوەکان و ئافرەتەکان بوونەتە بەندکراوی سیستەمی دەوڵەتی، دەبێت لەوەش تێبگات چۆن دەکرێت ئازاد بکرێن لە دەست دەوڵەت و ساختارە ستەمکارەکانی دیکەی جیهانی سیاسەت (جاکسۆن و سۆرینسۆن، ٢٠١٣: ٣٠٦). تەنها پرۆسەی رزگاربوون دەتوانێت ئاسایشی راستەقینەی مرۆیی مومکین بکات. لای بۆتس (١٩٩١) و جۆنس (١٩٩٩)، تێگەیشتنی ریالیستیانەی ئاسایش وەکو 'هێز' و 'ئۆردەر' هەرگیز نابێتە هۆی ئاسایشی راستەقینە. 'ئاسایش وەکو حالەتی نەبوونی هەڕەشەی ئازار، ترس، برسیەتی وهەژاری بنەمایەکی سەرەکی خەباتە بەرەورزگاربوون' (جۆنس، ١٩٩٩: ١٢٦). دەوڵەتی سەروەرتاکە دابینکەری ئاسایش نییە، بەڵکوو یەکێکە لە هۆکارەکانی نائاسایش. لە ڕاستیدا، لە ماوەی سەد ساڵی رابردوو، زۆرینەی خەڵک بە دەستی حکومەتەکانی خۆیان کوژراون نەوەک هێزە دەرەکییەکان (راپۆرتی ئاسایش مرۆیی، ٢٠٠٥: VIII). ئاسایشی راستەقینە، بۆتس تاوتوێی دەکات، تەنها لەلایەن خەڵک وگرووپەکانەوە دێتە دی، ئەگەرئەوانی دیکەی لێ بێ بەش نەکەن (١٩٩١: ٣١٩).

## ئەبەریستویزو چەمکی ئاسایش

کین بۆتس رەتی ئەوە دەکاتەوە چەمکی ئاسایش چەمکێک بێت پێناسە نەکرێت. بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش، دەبێت ئاسایش پێناسە بکرێت وە باشترین خاڵی دەستپێکیش بۆدووبارە چەمکاندنی ئاسایش دەوەستێتە سەر هەل و مەرجەکانی راستەقینەی نائاسایشی مرۆڤەکان. بە پێچەوانەی قوتابخانەی

کۆپنهاگن، ئاسایش بریتی نییە لە 'مانەوە'، بەڵکوو پێویستمان بە ئاسایشە نەوەک بە مانەوە. ئاسایش بریتییە لە مانەوە-پڵەس (پڵەس مەبەستی سەربەخۆبوونە لە دەست هەڕەشەکانی سەرژیان وهەبوونی بوارێک بۆ هەڵبژاردنەکان). بە کوورتی، مانەوە بریتییە لەوەی لە ژیاندا بی، ئاسایش بریتییە لە ژیان (بۆتس، ٢٠٠٧:١٠٢).

قوتابخانەی ئەبەریستویزرەخنە لە کۆنترۆڵکردنی ئاسایش لە لایەن دەستەبژێرەکانی دەسەڵات دەگرێت وپێیوایە ئاسایش تەنها لەدەستی دەستەبژێرەکانی دەسەڵاتدا نییە. پێیانوایە بە پشتبەستن بە بەڵگەی ئەزموونگەرانە دەتواندرێت بسەلمێندرێت پرۆسەی بە ئاسایشیکردن پرۆسەیەکی سەرکەوتووە. بۆ نموونە، سەیکردنی هەرەشەکانی (HIV/AIDS) وەکو هەڕەشەیەکی سەر ئاسایشی جیهانی بووە هۆی یارمەتیدانی کەمکردنەوەی ئاستی مەترسیداری ئەونەخوشییانە لە وڵاتانی ئەفریقادا (بیلیگین، ٢٠١٣:١٠١-١٠٥). ئەبەریستویزپێیوانییە سروشتی ئاسایش سروشتێکی سەربازی ویارییەکی سفری ودەستەویەخە zero-sum بێت، بەڵکوو بە بەئاسایشیکردن بەمانای بەسیاسەتکردنی پرسێکی ئاسایش دێت و دەبێتە هۆی پرسیارکردن لەسەر مافی دەستەبژێرەکانی دەسەڵات لەبەکارهێنانی ئاسایش وەکو یارییەکی سفری zero-sum و تێگەیشتنی سەربازییانە. ئەگەر سروشتی ئاسایش پەیوەست بێت بە ئیرادەی دەستەبژێرەوە، وەک قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیوایە، کەواتە چوارچێوەی بابەتەکانی ئاسایش تەنها ئەوشتانە دەبێت لە بەرنامەی دەستەبژێرەوە هەیە. هەرلەبەرئەوەیە تا ئێستا پرسەکانی وەکو هەژاری، گەرمبوونی جیهان وپیسبوونی ژینگە بەجدی وەکوپرسێکی ئاسایشی جیهانی و نەتەوەیی سەیرنەکراوە. لە جێگەی 'بەنائاسایشیکردن'ی قوتابخانەی کۆپنهاگن، ئەبەریستویز پێشنیازی بە 'بەئاسایشکردن' دەکات بە مەبەستی فشار خستنە سەر لایەنەکان بۆ چارەسەرکردن و مامەڵە کردن لەگەڵ پرسە جیاوازەکانی ئاسایش. بیرۆکەی بە سیاسەتکردنی پرسەکانی ئاسایش، یا بەنائاسایشیکردن خاڵی سەرەکی جیاوازی نێوان هەردوو قوتابخانەکەیە.

> *ئاسایش بریتییە لە نەبوونی هەڕەشە، بریتییە لە رزگاربوون و ئازادکردنی مرۆڤەکان (تاکەکان وگروپەکان) لە دەست ئەورێبەست وسنورە فیزیکی و مرۆییانەی رێگەیان لە مرۆڤەکان گرتووە لە ئەنجامدانی ئەوکارانەی کاتێک ئازادن لە هەڵبژاردنیان. جەنگ وهەڕەشەی جەنگ یەکێکن لەورێبەستانە، بەیەکەوە لەگەڵ بابەتەکانی هەژاری، خراپی پەروەردە، ستەمی سیاسی و هتد. ئازادیی وئاسایش دوو رووی سەرهەمان دراون. ئازادیی، نەوەک هێزو*

*ئۆردەر، بە تەنها دەتوانێت ئاسایشی راستەقینە دابینبکات (بۆتس، ١٩٩١: ٣١٩).*

لای قوتابخانەی ئەبەریستویز سەیرکردن و تێگەیشتنی یەکێک بۆ ئاسایش و پێناسەکردنی هەڕەشەکان دەوەستێتە سەرکۆمەڵگا، ناسنامە، ئەکتەرە جیاوازەکان و پێگەی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە. ئەوە تەنها هەڵە لێکتێنگەیشتن و هەڵەبیکردنەوە نییە بووەتە هۆی دروستبوونی بۆچوونی جیاواز لەسەرئاسایش، بەڵکوو باکگراواندی سیاسی وکۆمەڵایەتی جیاوازجیاوازە بووەتە هۆی دروستبوونی بۆچوون و پێناسە جیاوازەکانی ئاسایش و هەڕەشەکان (بیلیگین، ٢٠١٣: ٩١). لای بۆتس 'ئاسایش بریتییە لەدروستکراوێکی خۆمان. گووتارو بۆچوونەکانی جیاوازلەسەرسیاسەت بووەتە هۆی گوتارو بۆچوونە جیاوازەکان لەسەرئاسایش' (١٩٩٧: ١٠٦).

کین بۆتس پێیوایە دەبێت سەیری ئاسایش بکرێت وەکو یەکەیەکی فراوان نەوەک تەنها لە روانگەی دەوڵەت و هێزی سەربازییەوە. بەهەمان شێوەی بۆتس، واڵکەر (٢٠٠٧) رەخنە لە زمانی ریالیستیانەی ئاسایش دەگرێت کە بووەتە هۆی تەنها زیادکردنی بەرژەوەندی دەستەبژێرەوە دەسەڵات و قووڵکردنەوەی ناکۆکی و جیاکاری نێوان خود لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، هاوڕێ لەگەڵ دوژمندا، هاونیشتمانی لەگەڵ بێگانەدا، هەموو ئەو جیاکارییانە بووەتە هۆی ڕێبەست لەبەردەم بەدیهێنانی ئاسایشی جیهانی وئاسایشی مرۆیی.

راستە گریمانە و بۆچونە ریالیستە کلاسیکییەکانی ئاسایش بووەتە هۆی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی، بەڵام بووەتە رێگرلەبەردەم پاراستنی ئاسایشی جیهانی وئاسایشی تاکەکان. 'ئەکادیمییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان توانای دروستکردنی ئەو چیرۆکانەیان هەیە بە ئێمە بڵێن دەبێت چۆن بژین، نەوەک رووبەرووبوونەوە لەگەڵ هەقیقەتەکانی ژیانی رۆژانەی زۆربەی مرۆڤایەتی' (بۆتس ١٩٩٥: ١٠٤). بە هۆی گۆڕانی سیستەمی نێونەتەوەیی، هەروەها بەهۆی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونەوە ئاسایشی جیهانی راستەوخۆ کاریگەری لەسەرئاسایشی نیشتیمانی وڵاتەکانەوە هەیە. کاتێک ئاسایشی نیشتیمانی بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە پێناسە دەکرێت، وەکو پارێزگار لەدەست هەڕەشە سەربازییە دەرەکییەکان، سەرچاوەی هەڕەشە لە بیرۆکەی سەروەری دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت و کارلەسەر چەسپاندنی جیاکردنەوەی کۆمەڵگایەکی پارێزراولەگەڵ جیهانی وێناکراوی مەترسیداری دەرەوە دەکات. قوتابخانەی ئەبەریستویز بەتەواوی ئەوجۆرە وێناکردنەی ئاسایشی نیشتیمانی رەتدەکاتەوە وپییانوایە ئەگەر هاتوو پێناسەی ئاسایش لە خودی تاکەکانەوە دەستپێبکرێت، ئەوە ڕێگە خۆش دەبێت بۆ بیرکردنەوە لە ئاسایشی جیهانی وئاسایشی مرۆیی.

## ڕەخنەکان

زۆرجار قوتابخانەی ئەریستویتز ڕووبەڕووی کێشەی ئەوە دەبێتەوە دوورن لە داکەوتە و یۆتۆبیایین و ناپراکتیکین. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ هەزارەها ساڵ نەیتوانیوە بگاتە ساتی 'ئاشتی هەمیشەیی'. ئەگەر هۆکاری ئەوە خودی سروشتی مرۆڤ و جیهانی سیاسەت بێت، ئەوا کارەکانی قوتابخانەی ئەبەریزویتز تەنها وەکو هەوڵێک و سەرمەشقێکی ڕۆشەنبیری، هزری و تیۆری دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەش قوتابخانەکە شانۆرەی هەبوو لە ئاشناکردنی دەوڵەتان بە چەمکی 'ئاسایشی مرۆیی' بە جۆرێک ببێتە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی بەشێک لە وڵاتەکان. هەروەها لە ڕێگەی بانگەشەکردن بۆ بەئاسایشیکردنی پرسە جیاوازەکان، لە ئێستادا زۆر وڵات نیگەرانییەکانی ژینگە و خۆراک و هەژاری بە پرسێکی ئاسایشی دەبینن.